


ئەنتۆن شیخۆف
لەئینگلیزییەوە: ئومێد فایەق قەرەداغی

شەوێکی ئەنگوستەچاوی پایز بوو، بانك بەڕێوەبەرە پیرەکە لەژووری خوێندنەوەکەیدا سەروخواری دەکرد، یادی کەوتەوە کە چۆن پازدە ساڵ لەوەوبەر لەئێوارەیەکی پایزدا ئاهەنگێکی گێڕابوو، گەلێ پیاوی ژیری لێ بووبوو و گفتوگۆی سەرنج راکێشیشی تیادا کرابوو، لەنێو باسەکانی دیدا لەمەڕ سزای لەسێدارەدان دوابوون. زۆرینەی میوانەکان کە لەنێوانیاندا گەلێ رۆژنامەنووس و پیاوی ئاقڵیان تێدا بوو سزای مەرگیان بەباش نەدەزانی. ئەو شێوەی سزادانیان بەکۆن و بەدڕەوشتی و نەگونجاو زانیبوو بۆ دەوڵەتانی کریستانی. بەبۆچوونی هەندێ لەوان سزادان بەمەرگ پێویستە لەهەموو شوێنێك بەبەندکردنی هەتا هەتایی جێگای بگیرێتەوە. خانە خوێکەیان بانك بەڕێوەبەرەکە، گوتی (من لەگەڵتاندا نیم و هیچیشیان نەسزا بەمەرگ و نەبەندکردنی هەتا هەتایی بەباش نازانم، بەلاّم گەر یەکێك بەرلەوەخت بڕیاریدا ـ سزا بەمەرگ بەڕەوشتانەترو مرۆڤانەترە لەبەندکردنی هەتا هەتایی. سزای لەسێدارەدان دەست بەجێ پیاو دەکوژێت، بەلاّم بەندکردنی هەتا هەتایی بە هێواشی دەیکوژێت. کام بکوژەیان مرۆڤانەترن، ئەوەی کە لەچەند خولەکێکی کەمدا دەتکوژێت یان ئەوەی کە گیانت لەماوەدای چەند ساڵێکدا لێدەکێشێت؟

یەکێك لەمیوانەکان تێبینیدا (هەردووکیان وەك یەك بەدڕەوشتانەن، لەبەرئەوەی هەردوو هەمان ئامانجیان هەیە، بۆ دەرکێشانی گیانن. دەوڵەت خودانییە مافی ئەوەی نییە کە ئەوە دەربکێشێت کە ناتوانێت کاتێ ویستی بیگەڕێنێتەوە).

لەنێو میوانەکاندا پارێزەرێکی لاوی تێدا بوو، پیاوێکی گەنجی بیستوپێنج ساڵان بوو، کاتێك لەمەڕ بۆچوونی پرسیاری لێ کرا گوتی: (حوکمی مەرگ و حوکمی ژیان وەك یەك نائاکارین بەڵام گەر پێویست بوو من لەنێوان سزا بەمەرگ و بەندکردنی هەمیشەیدا هەڵبژێرم، بەدڵنیاییەوە دووەمیان هەڵدەبژێرم. ژیانکردن هەرچۆن بێت باشترە لەهیچ نەژیان).

گفتوگۆیەکی گەرم سەری هەڵدا. بەڕێوەبەرەکە کە لەودەمەدا لاوتروو دەمارگیرتربوو، دەست بەجێ تووڕەیی بەکێشی کرد بەمستی کێشای بەمێزەکەداو هاواریکردە کابرا گەنجەکە: (ڕاست نییە! من دوو ملیۆنت دەدەمێ هێشتا لەبەندیخانەی یەککەسیدا پێنج ساڵ نامێنیتەوە).

پیاوە لاوەکە گوتی (گەر مەبەستت لەوە بەڕاستە، من گرەوەکە دەکەم، بەڵام نەك پێنج ساڵ بەڵکو پازدەساڵ دەمێنمەوە).

بانك بەڕێوەبەرەکە هاواریکرد (پازدە؟ کرا! پیاوانی بەڕێز من گرەوەکەم لەسەر دوو ملیۆن).

کوڕە گەنجەکە وتی (قایلبووم! تۆ گرەو بەملیۆنەکانت دەکەیت و منیش گرەو لەسەر سەربەستیم دەکەم).

ئەم گرەوە هەڵەشە بێ هەستانە ئەنجام درا! بەڕێوەبەرەکە کە بەدوو فەرامۆشکار بوو بەو ملیۆنانەی پاشەکەوت لەپسولەی خەرجیەکانی بەگرەوەکە دڵخۆشبوو. لەنانی ئێوارەدا گاڵتەی بەکوڕە لاوەکە کردو گوتی: (باشتر بیری لێبکەرەوە، هەرزە پیاو، هێشا کات ماوە. بۆ من دوو ملیۆن بێ نرخە، بەڵام تۆ سێ چوار ساڵ لەباشترین ساڵەکانی ژیانت بەفیڕۆ دەدەیت. وتم سیان چوار، لەبەرئەوەی تۆ دەتەوێت زیاتر بمێنیتەوە. تۆ ئەی پیاوی بەدبەخت ئەوەشت لەیاد نەچێت کە بەندکرانی خۆ ویستانە گەلێ سەختترە بەرگەی بگریت وەك لەهی زۆرەملێی. بیرکردنەوە لەوەی کە مافی ئەوەت هەیە لەهەر ساتێکدا بەئازادی بێتەدەر هەموو ساتی مانەوەت لەبەندیخانەکەدا دەشێوێنێت. من بەداخم بۆ بەڕێزتان).

بانك بەڕێوەبەرەکە دەهات و دەچوو، هەموو ئەمەی یادکەوتەوەو لەخۆی پرسی: (ئامانجی ئەو گرەوە چیبوو؟ چ سودێکی هەیە لەدەستچونی پازدەساڵ لەتەمەنی ئەو پیاوەو دۆڕانی دوو ملیۆنی من؟ ئایا دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە سزا بەمەرگ خراپترە لەبەندکردنی هەتا هەتایی؟ نەخێر، نەخێر هەمووی ناماقوڵ و بێ مانابوو، لای منەوە ئارەزوویەکی کاتی پیاوێکی بەنازبوو و لای ئەویشەوە چڵێسییەکی سادەبوو بۆ پارە..).

پاشان ئەوەی یادکەوتەوە کە دوای ئەو ئێوارەیە روویدا. بڕیاردرا بوو کابرای لاو دەبێت ساڵەکانی بەندکردنی لەژێر توندترین چاودێریدا لەیەکێك لەکوختەکانی نێو باخچەکەی بەڕێوەبەرەکەدا بەسەربەرێت. بەوە قایل بوون کە بۆ ماوەی پازدەساڵ نابێت سەربەست بکرێت کە هەتا بەرهەیوانی کوختەکەش بچێت بۆ دیدەنی مرۆڤەکان، بۆ گوێبیست بوونی دەنگی مرۆ یان بۆ دەستکەوتنی نامەو رۆژنامەکان. بەڵام ڕێگای پێدرا کە ئامێرێکی میوزیك و کتێبی لا هەبێت و ڕێگاشی پێ درا کە نامە بنوسێت، مەی بخواتەوەو جگەرە بکێشێت. بەگوێرەی ڕێکەوتننامەکە ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا کە دەکرا هەیبێت تەنها لەڕێگای پەنجەرەیەکی بچوکەوەبوو کە بەمەبەستەوە بۆ ئەو بابەتە کرابوو. کابرا دەیتوانی هەر شتێکی دەستکەوێت کە دەیەوێت.. کتێب، میوزیك، مەی و هی دی.. بە هەر بڕێکیش کە ئارەزووی دەکات تەنهاش بە نووسینی داواکارییەك، بەڵام هەر لەڕێگای ئەو دەلاقە بچوکەوە دەستی دەکەون. ڕێکەوتنەکە هەموو وردەکاری و هەموو ئەو شتە بێ بایەخانەی ئامادەکرد کە بەندیکردنەکەی بەتەواوی دەکردە

بەندیخانەیەکی تاکەکەسی و پیاوەی لاویشی ناچار دەکرد کە بەبێ زیادوو کەم– تا پازدە ساڵ تیایدا بمێنێتەوە، کە لەکاتژمێر دوازدەی 14ی نۆڤەمبەری 1870ەوە دەست پێ دەکات و لەکاتژمێر دوازدەی 14ی نۆڤەمبەری 1885 کۆتایی دێت. بچوکترین هەوڵیش لەلایەن کابراوە بۆ شکاندنی مەرجەکان ئەگەر تەنها دوو خولەکیش بەر لەکۆتاییەکەی بێت، بانك بەڕێوەبەرەکە لەژێر ئەو مەرجە قوتار دەکات کە دوو ملیۆنی پێبدات.

لەساڵی یەکەمی بەندکرانەکەیدا هەروەك کەسێك دەیتوانی لەکورتە نوسراوەکانیەوە بڕیاربدات، بەندکراوەکە بەچەشنێکی دژوار بەدەست تەنهایی و خەمۆکییەوە گرفتار بووبوو. دەنگی پیانۆکە شەوو ڕۆژ بەبەردەوامی دەتوانرا لەکوختەکەیەوە ببیسترێت. مەی و جگەرەی نەویست نوسی بووی مەی حەزەکان دەوروژێنێت و حەزەکانیش بەدترین دوژمنی بەندکراوەکەن، جگە لەوەش هیچ شتێك ناخۆشتر نییە لەنۆشینەوەی مەیێکی باش و بەڵام کەسێك نەبینیت. جگەرەش هەوای ژوورەکە پیس دەکات. لەیەکەم ساڵدا ئەو کتێبانەی کە داوای کرد بەشێوەیەکی سەرەکی بابەتی ئاسان بوون، وەك ئەو ڕۆمانانەی کە سەرگوزشتەی خۆشەویستی ناکامییان تێدایە، چیرۆکە سۆزیارو خەیاڵییەکان و هی دی..

لەساڵی دووەمدا پیانۆکە لەکوختەکەوە بێدەنگ بوو بەندییەکەش تەنها داوای شاکارەکانی دەکرد. لەپێنجەم ساڵدا دووبارە میوزیك بیسترایەوەو بەندکراوەکە داوای مەی کرد. ئەوانەی کە لەدەلاقەکەوە سەیریان کردبوو وتیان کە هەموو ئەو ساڵە هیچی نەئەکرد تەنها دەیخواردو دەیخواردەوەو لەسەر جێگاکەی رادەکشا، خێرا خێرا باوێشکی دەداو بەتوڕەییەوە لەگەڵ خۆی دەدوا. کتێبی نەخوێندەوە. هەندێ کات لەشەواندا دادەنیشت بنوسێت، چەند کاتژمێرێکی بەنووسین بەڕێ دەکردو لەبەیانیدا هەموو ئەوەی کە نووسیبووی دەیدڕاند. زیاد لەجارێك توانرابوو گوێیان لێبێت کە دەگری.

لەنیوەی دووەمی ساڵی شەشەمدا بەندییەکە بەپەرۆشەوە دەستی دایە خوێندنی زمانەکان، فەلسەفەو مێژوو بەتامەزرۆییەوە خۆی هاوێشتە نێو ئەم بابەتانەوە– ئەوەندە باش کە کارێکی کردبوو بانك– بەڕێوەبەرەکە تەواو سەرقاڵ بێت بەدەستکەوتنی ئەو کتێبانەی کە ئەو داوای دەکردن. لەمەودای چوار ساڵدا نزیکەی شەش سەد قەبارەی لەسەر داوای ئەو پەیداکرد. لەم ماوەیەدا بوو کە بانك بەڕێوەبەرەکە ئەم نامانەی دواتری بەندکراوەکەیەوە بەدەست گەشت:

(بەڕێز جایلەر، ئەم دێڕانەت بەشەش زمان بۆ دەنووسم. نیشانی کەسانێکی بدە کە ئەو زمانانە دەزانن بابیان خوێننەوە. گەر هیچ هەڵەیەکیان نەدۆزییەوە تکات لێ دەکەم کە لەباخچەکەدا فیشەکێك بتەقێنە. ئەو تەقەیە نیشانم دەدات کە هەوڵەکانم بەفیڕۆ نەچووە. بلیمەتەکانی هەموو سەردەمەکان و هی هەموو سەرزەمینەکانیش بەزمانی جیاواز دەدوێن، بەڵام هەر هەمان بڵێسە لەناخی هەموویاندا دەگرێ. ئای گەر تەنها دەتزانی ئێستا ڕۆحم هەست بەچی شادییەکی ئاسمانی دەکات لەوەی کە دەتوانم لەم زمانانە تێبگەم!) ئارەزووەکەی بەندییەکە جێبەجێ کرا. بەڕێوەبەرەکە فەرمانی‌دا کە دوو فیشەك لەباخچەکەدا بتەقێنرێت.

دوای دەیەم ساڵ، بەندکراوەکە بەبێ جوڵە لەسەر مێزەکەی دادەنیشت و هیچی نەدەخوێندەوە جگە لەکتێبی پیرۆز. ئەمە بەلای بەڕێوەبەرەکەوە نامۆ دەردەکەوت کە پیاوێك کە بەچوار ساڵ بەسەر شەش سەد قەوارەی پسپۆڕیدا زاڵبووبێت بۆ دەبێت نزیکەی ساڵێك لەگەڵ یەك کتێبی بچوکی ئاسان بۆ تێگەیشتن بەفیڕۆ بدات. بەدوای کتێبی پیرۆزدا ئایینناسی و مێژووی ئاین هاتن.

لەیەکتا دوو ساڵی بەندکرانەکەیدا بڕێکی زۆر کتێبی خوێندەوە تەواو بەبێ جیاوازی لەیەك کاتدا سەرقاڵ بوو بەزانستە سروشتییەکانو دوایش داوای کتێبی بایرۆن یان شکسپیری دەکرد. کورتە نامەی لێ بوو کە تیایدا لەهەمان کاتدا داوای کتێبی لەبارەی کیمیاو نامیلکەی پزیشکیو هەروەها رۆمانو هەندێ توێژینەوەی لەسەر فەلسەفە یان ئاینزانی کردبوو. خوێندنەوەکەی لەوێنەی پیاوێك دەچوو کە لەدەریاداو لەنێو پارچەکانی کەشتیەکەیدا مەلەبکاتوبۆ پاراستنی ژیانی خۆی لەسەرەتادا بەپەرۆشەوە بۆ گرتنی یەك تەختەو پاشانیش دانەیەکی دی هەوڵبدات.

(2)

پیرە بەڕێوەبەر هەموو ئەمەی یادکەوتەوەو بیریشی کردەوە: (بەیانی کاتژمێر دوازدە ئەو سەربەستی خۆی وەدەست دێنێتەوە. بەپێی ڕێکەوتنەکەشمان پێویستە دوو ملیۆنی بدەمێ. گەر بشی دەمێ ئەوە هەموو ئەوەیە کە هەمە کەوابوو تەواو دەڕوخێم).

پازدەساڵ بەر لەئێستا ملیۆنەکانی لەپسوڵەی خەرجیەکانی پاشەکەوت بوون. بەڵام ئێستا دەشترسا کە لەخۆی بپرسێت داخۆکامیان زۆرترن قەرزەکانی یان سامانەکانی. ئەم قومارە ئومێدبرە لەسەر شوێنی پارە گۆڕینەوەو ئاڵوگۆڕکردنی وەحشیانەو توڕەییەکەی کە تەنانەت لەساڵانی دوایشدا نەیتوانیبوو بەسەریا زاڵبێت، وردە وردە بوونە هۆی کەمبوونی سامانەکەیو ملیۆنەرە لوتبەرزە چاو نەترسو لەخۆڕازییەکە بووبووە بانك بەڕێوەبەرێکی پلە مام ناوەند کە لەهەموو هەڵچونو داچونێکی بەرهەمی دەترسێت. پیرە پیاوە بەدەنگێکی نزم گوتی (بەنەفەرەت بیت گرەو) دۆشداماوانە سەری خۆی گرت (ئەو کابرایە بۆ نەمرد؟ ئێستا تەمەنی تەنها چل ساڵە. دوا پنسم* لێ دەسەنێت، ژن دەهێنێتو چێژ لەژیان دەبات، لەسەر شوێنی پارەگۆڕینەوە قومار دەکات، کاتێکیش من بەئیرەییەوە وەك سواڵکەرێك لێی دەڕوانم، هەموو ڕۆژێ هەمان رستەی لێ گوێبیست دەبم: (من قەرزاری تۆم بۆ ئەو بەختەوەرییەی ژیانم، با یارمەتیت بدەم!) نەخێر، ئەوە یەکجارزۆرە! تاکە هۆکاری سەلامەتی لەهەژاریو ئابڕوچوون مەرگی ئەم کابرایەیە!) بوو بەکاتژمێر سێ، بانك بەڕێوەبەرەکە گوێی هەڵخست، هەموو کەس لەخانووەکەدا نوستبوونو جگە لەورشەی درەختە لەراوەکان هیچ دەنگێك لەدەرەوە نەدەبیسترا. هەوڵی دەدا هیچ دەنگەدەنگێ دروست نەکات، لەقاسە نەسوتەکە کلیلی ئەو دەرگایەی دەرهێنا کە بۆ ماوەی پازدە ساڵ نەکرابووەوەو پاڵتۆکەی کردەبەریو لەماڵ چووەدەر.

باخچەکە تاریك و سارد بوو. باران دەهاتە خوار بایەکی تەڕو بڕ لە دەور باخچەکە دەردەپەڕی و دەیلوراند و ئارامی نەدەدا بە درەختەکان. بانك بەڕێوەبەرەکە چاوەکانی کرژ کرد. بەڵام نەیتوانی زەویەکە ببینێتو نەپەیکەرە سپیەکانو نە کوختەکەو نە درەختەکانیش. بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیشت کە کوختەکەی تێدا دروست کرابوو، دوو جار بانگی پاسەوانەکەی کردو هیچ وەڵامێك نەبوو. کابرای پاسەوان بە ئاشکرا هەوڵی دابوو خۆی بداتە پەنایەك لەو سەرمایەو ئەودەم لەشوێنێك نوستبوو یان لە چێشتخانەکەدا یان لە ژووری شوشە بەندی شەتڵەکاندا.

کابرا پیرەکە بیری کردەوە ((گەر توانای جێ بەجێ کردنی ئارەزووەکەمم هەبوایە، یەکەم کەس پاسەوانەکەبوو کەگومانی لێدەکرا.))

لەتاریکیەکەدا هەستی بە پلەکان و دەرگاکە کردو ڕۆیشتە نێو کوختەکە. پاشان بەرەو دەروازەیەکی بچوك ڕێگای گرت و دەنکە شقارتەیەکی داگیرساند. لەوێ هیچ کەسی لێ نەبوو. جێگایەکی نوستنی لێ بوو بەبێ نوێن لەسەری و لەسوچەکەشدا زۆپایەکی داڕشتەی ئاسنی ڕەشی لێ بوو. مۆرەکانی سەر ئەو دەرگایەی کە بۆ ژوری بەند کراوەکە دەچوو دەست لێ نەدراو بوو. کاتێك

شقارتەکە کوژایەوە پیرە پیاوەکە کە لەگەڵ هەڵچوندا دەلەرزی لە پەنچەرە بچوکەکەوە سەیری کرد مۆمێك بە کزی دەسوتێت لە ژوری بەندکراوەکەداو بەندیەکەش لەسەر مێزەکە دانیشتبوو. جگە لە پشتی و قژی سەری و دەستەکانی نەئەتوانرا هیچ ببینرێت. کتێبەکراوەکان لەسەر مێزەکە لەسەر دوو کورسییە دەسکدارەکەو لەسەر راخەرەکەی نزیك مێزەکە دانرابوون.

پێنج خولەك تێپەڕی و بەندییەکە یەکجاریش نەجولا. پازدەساڵ بەندکران فێری دانیشتنی ئارامی کردبوو. بەڕێوەبەرەکە بەپەنجە بەهێواشی لەپەنجەرەکەیداو بەندکراوەکە هەر هیچ جوڵەی نەکرد لەوەڵامدا. پاشان بەڕێوەبەرەکە بەئاگاوە مۆری دەرگاکەی لێکردووەو کلیلەکەی کردە نێو کونی کلیلەکەوە. قوفڵە ژەنگاوییەکە دەنگێکی کڕان ئاسای لێوەهات و دەرگاکەش جیڕاندی. بەڕێوەبەرەکە چاوەڕوانی بیستنی دەنگێکی لەپڕی هەنگاوەکان و هاوارێکی سەرسامی کرد، بەڵام سێ خولەك تێپەڕی و ژوورەکە هەروەك هەمیشە ئارام بوو بڕیاریدا کە بچێتە دەر. بینی پیاوێك لەسەر مێزەکە بەپێچەوانەی خەڵکی ئاساییەوە بەبێ جوڵە دانیشتبوو. پەیکەرێك بوو بەپرچی درێژی هاوشێوەی هی ژنێك و ریشێکی زبرەوە. روخساری زەرد هەڵگەڕاو لەگەڵ رەنگێکی کاڵی رۆحانی تیایدا، کوڵمەکانی کلۆربووبوون، پشتی درێژو باریك و ئەو دەستەشی کە بەهۆیەوە سەرە ئاڵۆسکاوەکەی راگیرابوو ئەوەندە لاوازو ناسك بوو کە سامناك بێت لێی بڕوانیت. ئێستا قژی ماش‌وبرنج بووبوو، بەڕوانین لەڕوخسارە لەڕبوو و پیر هەڵگەڕاوەکەشی هیچ کەسێك باوەڕی نەدەکرد کە تەنها چل ساڵی تەمەنە. بەندییەکە خەوتبو لەبەردەم سەرە چەماوەکەیدا پەڕەیەك کاغەز لەسەر مێزەکە دانرابوو تیایدا هەندێ شت بەدەست‌وخەتێکی جوان نووسرابوو.

(ساویلکەی داماو!) بەڕێوەبەرەکە وابیری دەکردەوە (خەوتووەو ئەگەریش زۆرە کە خەو بەملیۆنەکانەوە ببینێت. پێویستە تەنها ئەم کابرا نیمچە مردووە بگرم و فڕێی دەمە سەر جێگاکەو بەئاسانی بەپشتیەکە بیخنکێنم و بەئاگاترین پسپۆڕیش هیچ نیشانەیەکی مردنێکی توندوتیژ نادۆزیتەوە. بەڵام با لەپێشدا ئەوە بخوێنمەوە کە لەمەدا نووسیویەتی..).

بانك بەڕێوەبەرەکە لاپەڕەکەی هەڵگرت لەسەر مێزەکەو خوێندیەوە، بەم شێوە:

(بەیانی لەکاتژمێر دوازدەدا من سەربەستی خۆم و مافی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکانی دیدا وەدەست دێنمەوە، بەڵام بەرلەوەی من ئەم ژوورە بەجێبهێڵم و رووناکی خۆر ببینم پێم وایە پێویستە هەندێ وتەت پێبڵێم. بەویژدانێکی بێ گەردەوە پێت دەڵێم، هەروەك لەبەردەم خوادادا کە لێم دەڕوانێت من سەربەستی و ژیان و تەندروستی هەروەها هەموو ئەوەی کە لەکتێبەکانتدا پێی دەڵێن شتە باشەکانی ژیان بێنرخەکەم) (بۆ پازدەساڵە بەئارەزووەوە لەژیانی دونیایی دەکۆڵمەوە. راستە کە نەزەویم بینیەوەو نەمرۆڤ بەڵام لەکتێبەکانتدا بادەی بۆ خۆشم نۆشیوەتەوە، گۆرانیم چڕیوەو راوی نێرە ئاسك و یەکانەی کێویم کردووە لەدارستانەکاندا ژنانم خۆشو یستووە..

جوانی ئاسمانی وەك کلووە هەور کە بەجادووی هۆنراوەو ژیرییەکانت دەیخوڵقێنیت، لەشەودا هاتوونە دیدەنیم، چیرۆکی سەرسامکەری وایان لەگوێمدا چرپاندووە کە ئەقڵمیان خستووەتە نێو گێژاوەوە.

لەکتێبەکانتدا بۆ سەر لوتکەکانی ئەلبێرزو مۆنت بلانك هەڵگەڕاوم و لێشیانەوە خۆر هەڵاتنم بینیوەو سەیریشم کردووە کە چۆن لەئێوارانداا بەڕەنگی ئاڵتونی و قرمزییەوە بەئاسمان و زەریاو لوتکەی چیاکاندا دادەکشا. لێیانەوە سەیری ئەو رووناکییەم کردووە کە لەژوور سەرمەوە چەخماخەیان دەداو هەورەکانیان دەقڵیشاند.

دارستانە سەوزەکان، کێڵگەکان، رووبارەکان، دەریاچەکان، شارانم بینیوە، گوێبیستی گۆرانی پەری دەریاکان و ئاوازی شمشاڵی شوانەکان بووم، دەستم داوە لەباڵەکانی فریشتە قەشەنگەکانەوە کە هاتوونە خوارەوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵمدا لەمەڕ خودا..

لەکتێبەکانتدا خۆم هەڵداوەتەوە نێو چاڵە بێ بنەکان، پەرچووم خولڤاندووە، شارم سوتاندووە، مژدەی ئاینە نوێکانم بەخشیوە، هەموو شانشینەکانیشم داگیرکردووە.

(کتێبەکانت داناییان پێداوم. هەموو ئەوەی کە بیرکردنەوەی بەردەوامی مرۆڤ لەسەردەمەکاندا خولڤاندوویەتی لەمەودایەکی بچوکدا لەمێشکمدا مۆڵکراوە. دەزانم کە لەهەمووتان داناترم.

(بەڵام من کتێبەکانت بێ بەها دەکەم، دانایی و پیرۆزییەکانی ئەم جیهانە بێ نرخەکەم. هەموو بێ بەهاو بەسەرچوو رێ ونکەرو تەفرەدەرن هەروەك سەراب. رەنگە شانازو داناو نەرم و نیان بێت، بەڵام مەرگ لەسەر رووی زەوی دەت سڕێتەوە، هەروەك ئەوەی هیچ زیاتر نەبێت لەو مشکانەی لەژێر زەویدا کون هەڵدەکەنن، پاشینەت و مێژووەکەت، بلیمەتییە نارەفتارییەکانت پێکەوە لەگەڵ ئەو گۆیە زەمینیەدا دەسووتێت یان دەیبەستێت.

(ئەقڵت لەدەست داوەو رێگایەکی هەڵەت لەبەرگرتووە، درۆت لەبری راستی و ناشیرینیت لەبری جوانی وەرگرتووە. لەترسی رووداوی نامۆ بەهەندێ شێوە سەرسام دەبیت گەر لەسەردار سێوو پڕ تەقاڵەکان لەبری میوە مارمێلکە خێرا وەبەربێت، یان گەر گوڵەکان بەرامەی وەك بۆ ئارەقی ئەسپ بدەن، هەر بۆیە منیش سەرسامم لەتۆ کە ئاسمان دەگۆڕێتەوە بەزەوی. نامەوێت تۆ تێ بگەیەنم..).

(بۆ ئەوەی بۆت بسەلمێنم بەکردەوەکە چۆن هەموو ئەوەی کە تۆ بۆی دەژیت من بێ نرخم کردووە، دەست بەرداری ئەو دوو ملیۆنە دەبم کە سەرەتا وەك هی بەهەشت خەونم پێوە دەبینی و ئێستاش بێ بەهای دەکەم. بۆ بێ بەریکردنی خۆم لەمافی پارەکە پێنج کاتژمێر بەر لەکاتی دیاریکراو لێرە دەچمەدەرو بەو شێوە رێکەوتننامەکە دەشکێت..).

کاتێك بەڕێوەبەرەکە ئەمەی خوێندەوە پەڕەکەی لەسەر مێزەکە دانا، ماچی سەری پیاوە نامۆکەی کردو لەکوختەکە چووە دەرەوەو دەگریا لەهیچ کاتێکی تردا تەنانەت ئەو کاتەی کە بەقورسی لەسەر جێگای پارەگۆڕینەوە دۆڕابوو هەستی بەڕیسوایی وەها گەورەی خۆی نەکردبوو. کاتێك گەشتەوە ماڵەوە لەسەر جێگاکەی کەوت بەڵام ئەسرین و سۆزی چەند کاتژمێر لەخەو بێ بەشیان کرد.

بەیانی داهاتوو پاسەوانەکە بەڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوەوە رایکردە ژوورەوەو پێی وت کە ئەو پیاوەیان بینیوە کە لەکوختەکەدا دەژیا لەپەنجەرەکەوە بۆ نێو باخچەکە خۆی شۆڕکردووەتەوە، رۆشتووە بەرەو دەروازەکەو دیارنامێنێت. بەڕێوەبەرەکە یەکسەر لەگەڵ خزمەتکارەکانیدا چوو بۆ کوختەکەو دڵنیابوو لەهەڵهاتنی بەندییەکەی. بۆ دورکەوتنەوە لەوروژاندنی گفتوگۆی ناپێویست ئەو نووسینەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت کە تیایدا ملیۆنەکان وازیان لێهێنرابوو، کاتێکیش گەشتەوە ماڵەوە لەنێو قاسە نەسووتەکەیدا هەڵیگرت.

**کۆتایی.**

**سەرچاوە:**

Anton chekhou’s short story the Bet.